# هۆكاری بەرێلاداچوونی زۆرێک لە گەنجان لەدین و چارەسەریەکانی

# أسباب انحراف كثير من الشباب عن الدين، وعلاج ذلك

< كوردی - كردي - kurdish >

شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

الشيخ عبد العزيز بن باز (رحمه الله)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# هۆكاری بەرێلاداچوونی زۆرێک لە گەنجان لەدین و چارەسەریەكانی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد العزیز بن باز كراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : -

**پرسیار** : ئەو هۆكارانە چین كە دەبنە هۆی بەرێلاداچوونی گەنجان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وتاراندنیان لە دین؟.

**وەڵام** : سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە ..

ئەوەی باستان كەرد سەبارەت بە لارێداچوونی زۆرێك لە گەنج ولاوەكان وتاراندنیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەند هۆكارێكی هەیە، گرنگترینیان بریتین لە:كەم عیلم وزانستی، ونەزانی و جەهل بە هەقیقەتی ئیسلام وجوانیەكانی، لەگەڵ گرنگی نەدان بە قورئانی پیرۆز، و كەمی كەسانی پسپۆڕ كە بتوانن بە باشی هەقیقەت و جوانی وئامانەجەكانی ئاینی پیرۆز ئیسلام بۆ گەنج و لاوەكان شی بكەنەوە، لەگەڵ ئەو خێر و خۆشیانەی كە لە دونیا و دواڕۆژدا بەدەستی دەهێنن .

لێرەدا هەندێك هۆكاری تر هەن كە بوونەتە هۆی بەلارێدابردنی گەنج و لاوەكانمان ئەوانیش بریتین لە ژینگە كۆمەڵایەتی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكان، و گەشت كردن بۆ دەرەوەی ووڵات و تیكەڵاو بوونی ئەو هەمووە خەڵكەی هاتوونەتە ناو ووڵات كە جۆرەها بیروباوەڕی نادروست و ڕەوشتی ناپەسەندیان تیدا بڵاوە، لەگەڵ چەندەها هۆكاری تر كەوا دەكات لە گەنجەكانمان لە ئیسلام دوور بكەونەوە و بەرەو ئیلحاد وبێباوەڕی و ئیباحیەت بڕۆن، لەم نێوەندەشدا گەنج ولاوەكان دڵ ودەروونیان بەتاڵە لە زانستی بەسوود و بیروباوەڕی ڕاست ودروست، سەرەڕای بوونی تۆفانێك لە گومان و شوبهات وبانگەشەی گومراكەر و چەواشەكاری ئیغراكەر دەوری گەنجانیان پێ تەنیوە، تا وایان لێكردوون كە تووشی ئینحراف ودووركەوتنەوە ببن لە ئیسلام، جوانترین ووتەیەكیش لەم بارەیەوە ووترا بێت ئەم دێرە هۆنراوەیە كە دەڵێت :

أتاني هواها قبل أن أعرف الهوى فصادف قلبا خاليا فتمكنا

واتا : هەواو و هەوەس و ئارەزوو پەرستی ڕوویان لێنام پێش ئەوەی بیناسم،،،،ڕوویان لەدڵێكی بەتاڵ كردو و جێگای خۆیان كردەوە .

ڕەوانتر وڕاستتر وجوانتریش لەمە خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ( أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا * أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ) [سورة الفرقان : 43 -444 ] .

واتا : ئایا نابینیت ئەو كەسەی كە ئارەزووی خۆی كردۆتە خوای خۆی (شوێن نەفسی بەدكردار كەوتووە) ئایا تۆ دەتوانیت ئەوانە بپارێزیت لە لادان و سەركەشی؟! (یاخود سنووریكیان بۆ دابنێیت؟ خەمت نەبێ بۆ كوێ دەچن؟) *ئایا وادەزانیت زۆربەی ئەوانە ڕاستیەكان دەبیستن، یان بیرو هۆشیان دەخەنە كار؟ ئەوانە مالآت نە بێت، هیچی تر نین، بەڵكو گومڕاتریشن لە مالآت .

چارەسەری ئەم دەردەش بە باوەڕی من بەپێی جیاوازي ئەو نەخۆشی و بەلآیەی تووشی هەریەك لە گەنەجەكان بووە دەگۆڕێت، گرنتگترین چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشیانە گرنگیدانە بە قورئانی پیرۆز و ژیان نامەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )، لەگەڵ بوونی مامۆستای باش وبەڕێوەبەری باش و سەرپەرشتیار و موفەتیشی باش، ومەنهەج و پڕۆگرامی باش، لەگەڵ چاكسازی كردن لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنی وولآتە ئیسلامیەكاندا، بەشێوەیەك پاك بكرێنەوە لە بانگەواز كردن بۆ ئیباحیەت وڕەوشتی نا ئیسلامی وهەموو جۆرەكانی ئیلحاد وبێباوەڕی و فەساد، بەو مەرجەی ئەو كەسانەی بەسەر ئەو دەزگایانەوەن ڕاستگۆبن لە بانگەواز كردن بۆ ئیسلام وئاڕاستە كردنی هاولآتیان و گەنج ولاوەكانمان بۆی، لەهەمان كاتدا گرنگی تایبەت بە ژینگە وچاكسازی ژینگەی كۆمەلآیەتی بدرێت و پاك بكرێتەوە لەهەموو خو وڕەوشتێكی ناپەسەندی هاوردەكراو ..

یەكێكی تر لە چارەسەریەكان ئەوەیە ڕێگری بكرێت لە سەفەر وگەشت كردن بۆ دەرەوەی وولآت بۆ ضەرورەت و پێویستی نەبێت، لەگەڵ گرنگیدان بە تەوعەیە وڕێنومایەكی پاكوخاوێنی ئیسلامی ئامانجدار لەڕێگای هەموو دەزگاكانی راگەیاندن وپەروەردە وفێركردن ئەویش بە پێگەیاندنی ماۆستایان و بانگخوازان و ووتار بێژانی چوست وچالاك كە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لەم بوارەدا بگێڕن، لەخوای گەورە داواكارم ئەم منەتەمان لەگەڵدا بكات، وە سەركردە وسەرۆكی موسڵمانانمان بۆ چاك بكات، وە تەوفیقیان بدات بۆ تێگەیشتن لە دین ودەست گرتن پێوەی، لەگەڵ دژایەتی كردنی تەواوی ئەو شتانەی كە دژ بە تەعالیمەكانی ئیسلامن بە ڕاستگۆی وئیخلاص و هەوڵ و تیكۆشانی نەبڕاوەوە، هەر خوای گەورەش نزیكترین و بیسەرترین كەسێكە بۆ ئەم نزایانەمان ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : کۆمەڵەی فەتوا و ووتارە جۆراوجۆرەکان، بەرگی 5/ لاپەڕە 253-254ی شێخ عبد العزیز بن باز ..